کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:47 19-12-2007

## تۆپبارانکردن و سنوور بەزاندنی باشووری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە ئیدانەو مەحکوم دەکەین

چەند ڕۆژێکە تۆپخانەو فرۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکیا ناوچە سنورییەکانی باشووری کوردستان بە خەستی بۆردومان دەکەن و بووەتە هۆی شەهیدو بریندداربوونی ژمارەیەك هاوڵاتی سڤیل، لە ئەنجامی بۆردومانەکە چەند گوندو دێهاتێکی ناوچە سنوورییەکان خاپوور بووینەو بەسەدان کەس بەم سەرماو سۆلەی زستان لە گوندەکانیان لە دوای رووخانی خانووەکانیان ئاوارەبووینە، جگە لەم بۆردومانە گوێرانەی هێزەکانی تورکیا سنوری باشووری کوردستانیشیان بەدەیان کیلۆمەتر بەزاندووە، ئەم سنوور بەزاندنەی سوپای تورکیا بۆ باشووری کوردستان دژی هەموو یاساو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و بەندەکانی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە. ئێمە لە کاتێکدا داوا لە دەزگاکانی پەیوەنددار لە حکومەتی کوردستان دەکەین بە زووترین کات بە هانای هاوڵاتیانی زیان لێکەوتوو لەم بۆردومانانە بێن و، بە توندی سنوور بەزاندنی باشووری کوردستان لەلایەن هێزی سەربازی دەوڵەتی تورکیا ئیدانەو مەحکوم دەکەین. داوا لە هێزەکانی فرە رەگەز بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا دەکەین بە زووترین کات هەڵوێست لەسەر ئەم تۆپبارانکردن و سنوور بەزاندنە وەربگرن، چونکە پاراستنی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆی ئەواندایە، زۆر بە داخەوە کە تا ئێستا حکومەتی عێراقی هەڵوێستێکی روونی لەسەر ئەم سنوور بەزاندنە ڕانەگەیاندووە کە دەبوا هەڵوێستێکی روون و یەکلاییکەرەوەی هەبوایە، هەروەها داوا لە UN و یەکێتی ئەوروپا و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەین هەڵوێست وەربگرن و سنورێك بۆ هەڕەشەکانی تورکیا دابنێن. لە هەمان کاتدا داوا لە هێزو لایەنە وڵاتپارێزەکان و جەماوەری کوردستان دەکەین پشتگیری لە هەڵوێستەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئیدانەکردنی ئەم سنوربەزاندنەو پاراستن و بەرگریکردن لە هەرێمی کوردستان بکەین بۆ ئەوەی بەیەك دەنگ و یەك هێز پارێزگاری لە دەستکەوتەکان و وڵاتمان بکەین.

مەکتەبی سیاسی
یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کورردستان
YNDK
27 ی سەرماوەز / 2707 کوردی
18 / 12 / 2007 زایینی
هەولێر – باشووری کوردستان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.